# چاوەڕوانی

سیروان کاروانی

ئەگەر گوتم گوڵێک هەیە پەنجەی بۆ بەری
بۆنی خۆش دەبەخشێ
بە گڕی دووری بمسووتێنە و
لە گێتیی ئەڤیندا با گۆڕغەریب بم
ئەگەر گوتم دارێک هەیە لە یەکەم دیقەتیدا
دڵ لە بەژنی باریک و جوانی تێر دەبێ
بە تیشکی پەلکەزێڕیناوییەکەت
ژوان بەدەرم بکە و
با لەناو تەمی تەنهاییدا ون بم
ئەگەر لام وابوو شەوێک هەیە ڕێی تێ دەچێ
بەبێ تۆ هێور تێیدا بنووم
ڕووی مانگتم لێ وەرگێڕە
با هەر لە تاریکیدا زەرد و ژاکاو بم
دە با بەس بێ چاوەڕوانی
با بەس بێ هەڵوەرینی ڕۆژانی ئەم تەمەنە پەژمووردەیە
سات دوای سات قەدەر بێ میوانی
ئەی تێکەڵ ژیان و خوێن و زوبانم
نە لە تۆ بۆنخۆشتر
نە لە تۆ باریکەلە و جوانتر
نە شەوێک لەلای تۆ ئارامتر بوونی هەیە
ئەی لە نیانی و کانیقرژاڵ و ماچی خودایی دروستبوو
ئەی لە بۆنی کەنار زەریاچەکان و
خەوی سەر کەرەکەکان و
بێگوناهیی پەلەوەری سەر تاتەکان دروستبوو
وەرە بە شیلەی عەشق بملاوێنە
با تام و چێژی دواڕۆژانی ژیانم بکرێتەوە
وەرە دەروازەی مەیخانەی عەشقم لێ بکەوە
با سەرخەوی ئەبەدیی لێ بشکێنم
وەرە لەم هەوارە پڕ لە حەسرەتەدا هەڵدە
با بە داوێنی کێوی ژوانتدا هەڵزنێم
من لێرە دڵم ڕایەخە و
بیرم یاریی ناو لەپتە و
ئەو ساتەی گەیشتی و نووستی،
ڕۆحم چەتری بان سەرتە!

2004.11.25